www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 5-7-2007 20:30

بە ناوی کوردستانی گەورە.

soransa@hotmail. com
تاران – 2707 /4/11

## هۆی چەوسانەوەی ئافرەت لە جیهاندا چیە؟ ... ح. س. سۆران:



رۆژ و شەو نیە نووسراوە، هەواڵ و ویتەی سەر زار، سەبارەت بە چەوساندنەوە و جەزرەبەی ئافرەت، لە کوردستان و جیهان دا، نە خوێنینەوە و نە بیستین. یەکێک لە زەقترین و ناحەزترینیان، مەرگە ساتی دادە دۆعا بو، کە دۆعا دەکەم، ئیدی قەت شەرمەساتی وا لە هیچ کوێ نەقەومێ.
بە کوردی زۆر پەند و باو و مەسیلە سەبارەت بە بارودۆخی ئافرەت هەیە، کە پاکی رەنگدانەوەی راستیە تاڵەکانن، بۆ وێنە، دەلێن: " ئافرەت داوێنی خۆی دوژمنیەتی " و....
لە خوارەوە، وەک مشتێک لە گشتێک، ئاماژە دەکەم بە چەند خاڵ، کە وێنەی بەرچاوی چەوسانەوەی ئافرەتن:
دەزانین عارەبە کان بۆ ژن چەوساندنەوە چەند بەناوبانگن، بە چەشنیکی وا، کە جاران کچیان لە چاڵ دەنا، لەوانەیە ئێستاش هەر بینێن. بێ چاوێنی بن زۆر لە شێخ و مێخە عارەبەکان، ئافرەت بە کەرەسی کایەی ئامرازی نێو قەدی خۆیان دەزانن و پێیان وایە، ئافرەت بیلامانێ هەر بۆ ئەوە خولقاوە!!!. تەنانەت، لە داب، یاسا و قانوونی عارەب دا، دەتوانن چەندین ئافرەتی وەک مادام کووری، لە پیاوێکی وەک چۆچەی گاوان مارە بکەن. یا بەشە میراتی کچ، نیوەی کورە و ئەم زاکوون (یاسا) عارەبیانە، هاتوەتەوە نێو زۆر لە نەتەوە کانی دیکەشەوە.
ئێستاش لە زۆر جێگە ئەندەروون (ئافرەتخانە) و بیروون (پیاوخانە) هەیە، وەک هەڵ هاواردنی رەگەزی لە وڵاتی ئافریقای باشوور، هەڵ هاواردنی جنسیش لە گۆڕێ دایە و زۆر لە چێشتخانە کانی جیهان، بۆ ئافرەت جیێ دانیشتنی تایەبەتیان دروست کردوە. لە زۆر دەڤەری زەوی دا، زۆر ئافرەت لە باتی چاڵ، لە قوژبنی تەسکی ئاشپەزخانە دا نێژراون!!!.
لە زۆر شوێن ئەگەر ئافرەت قسە بکا، شورەییە، تەنانەت با پەروینی ئیعتیسامی، هۆنەری ناوداری ئێرانیش بێ. وشەی زیندان بە فارسی واتە " زەندان، بە فارسی واتە " ژنخانە ". هەر لە فەرهەنگی کوردی خۆمان دا، پیاو دەتوانێ بە گۆترە تەڵاق بخوا و هەر سێ تەڵاقی فڕی بدا، ئەگەر تەڵاقی کەوت، ئیدی ژنەکەی، خێزانی ئەو نیە. تەنانەت دەلێن، کابرایەک بو لە باتی براکەشی تەڵاقی دەخوارد و دەیوت " هەر سێ تەڵاقی کاکە فەتحوڵڵام کەوتبێ، وایە یا وا نیە!!!"
لە زوربەی وڵاتگەلی جیهان، هەر نێرینە دەتوانێ هاوسەر کلا بکا و هەڵ بژێرێ، مێوینە قەت مافی ئەوەی نیە بچێتە خوازبێنی نێرینە. تەنانەت لە دانسینگەکانی رۆژاواش، هەر دەبێ پیاو داوا لە ئافرەت بکا، لە تەکیا هەڵپەرێ، دەنا بێتو ئافرەت ئەم داوایە بکا شوورەییە. دەبینین، لە وڵاتە پێشکەوتوە کانیش، کەمتر ژمارەی ئافرەت، بە قەد ژمارەی پیاوی سەرۆک، وەزیر و کاربەدەستی باڵا، هەیە، یانی زیاتر پیاوان کۆمەڵ هەڵ دەسوورێنن.
لە زۆر جێ، پیاو دەبێ مارەیی بۆ ژن دیاری بکا، یانی وەک کووتاڵ، بە زێڕ و پارە وشت بیکڕێ، کە ئەمە لە پللەو پایەی ژن دا نیە. تەنانەت لە زۆر وڵات، ئافرەت وەک کالا تەماشا دەکەن، بۆ وێنە لە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کابارەیەک دا، بەسەدان پیاو دادەنیشن و لە لاڕانی ئافرەتێکی سەماکەر دەڕوانن، کە ئەمە ئەو پەڕی چەوسانەوی (ئیستیسماری) جنسیە.

لەگەڵ ئەمەش دا، کچی هەژار لە زۆر شوێن، کاتێ دەیبەن بە بووکی، دەبێ جیازیەکی زۆر و زەمەن بکرێ و لەگەڵ خۆی دا بیبا بۆماڵی زاوا، دەنا هەتا ئاخری تەمەن، جێی تانە و تنووتی خەسو، دش، هێوەرژن و فلان و فیسارە، کچی هەژار ئەمەی لە کوێ بو دەلوێ، مەگەر لە دەمی بنەماڵەی بگرێتەوە.

لە نێو ئایینە کانی ڕۆژ هەڵاتی نێوەڕاست دا، نەمبیستوە یەکدانە پێغەمبەری ئافرەت بووبێ یا ئەگەر بووبێتیش من ئاگادار نیم، یانی خودا گیانیش.... تەواوی یاساکانیش پیاو نووسیونی و بە قازانجی خۆیەتی.

باوک تەنیا چەند خولەک بۆ کەیفی خۆی، لە گەڵ ئافرەت دا دەخەوێ، پەرژینی قایم بێ رایدەبوێرێ و مندال دروست دەبێ، ئەو منداڵە نۆ مانگ و نۆ ڕۆژی ڕەبەق لە خوێنی دایکی کلۆڵ دەمژێ و دو لە روی ئێوە، زگی دایکی دەکاتە ئاودەست، کاتێ ئافرەت منداڵی دەبێ، دەلێن لە تاو ژان و برک، سێوەتاڵ بە خەو دەبینێ و چەند مانگ و ساڵیش شیری دەداتێ، بە کۆڵ و باوەش دەیگێری و زۆر کوێرەوەری دیکە دەکێشێ، تا لە 4 – 5 کیلۆوە، دەیکاتە 60 کیلۆ، کەچی بێتو لە گەڵ مێردەکەی لە یەک جوێ ببنەوە، منداڵ دەبێتە هی باوک و ناسنامەیشی بە ناوی بابیەوەیە. زۆر شتی شوورەییش هەیە، ئەز بۆ رێز گرتن لە کیبۆرد و شاشە و بە پێی فەرهەنگی کوردی، لە رووم هەڵ نایە باسیان بکەم، کە هەموی بەڵگەی چەوسانەوە و ستەمە لە ئافرەت.

ڕەنگە زۆر کەس ئەو شتانەی سەرەوی بە خەیاڵ دا بێت یا بیستبێتی، بەڵام کەم کەس ئاماژەی بە هۆی دروست بوونی ئەم شەرمەساتانە کردوە.

هۆی ئەو گشتە هەڵ هاواردن، گوشار، ستەم و پاشێل کردنی مافە، دەتوانین تەنیا لەم رستەیەدا، دەربڕین و بخونجێنین: " بەسەریەکەوە و بەگشتی، سورووشت هێز و توانایی فیزیکی بە پیاو زۆرتر داوە تا بە ئافرەت و دەڵێن هەمیشەش حەق بە زۆردارە " جا ئەگەر بمانەوێ باسەکە کۆ بکەینەوە، دەبێ بلێین " ستەم لە ژن، بێجگە لە هەڵ وێست و کردەوەی پیاو، ڕیشەی لە بارودۆخی سورووشتیش دا هەیە ".

ئەمەش هۆنراوەی " بۆ ژینۆ "، کە چەند ساڵ پێش نووسیومە:

**بۆ ژینۆ! .... ح. س. سوران**

ژینۆی ساوا، پەری چووکم!
نەرمونیان چەشنی بووکم!
کیژە کوردی نەشمیلانە!
دەس خرپنەی چاو کەیانە!
دەست وپێت گیرۆدەی کۆتە
داوێنت دوژمنی خۆتە
زیندانی چارشێوی رەشی
موئەننەس ونیوە بێ بەشی
تۆ زەعیفەی قارمانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا   20:30 5-7-2007

کەرەسەی کایەی پیاوانی
لەندەهۆرپ چوارت دپنپ
قەیای ژینت ئەژووخپنپ
چون ئافرەتی بارت لارە
هەرچی بێپی دەێپن عارە
بەوەش کوردی تاوانباری
جپی دەگەشە و قین و قاری
قەسەم بەوەی ترسی لانا
بە دەستبەندی لەیلا زانا
تۆ شپعری نەنووسراومی
گۆرانی نەوتراومی
فرمپسکی نەژپژراومی
ئامانجی نەپپکراومی
پپنووسی شکاوی منی
زمانی بژاوی منی
تۆش گەورە بوی دیلی کۆتی
لەیلا زانای کاتی خۆتی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.